## مێژووی هۆزی بڵباس

لەسەر مێژووی هۆز و تیرە و تایفەی کۆنی کورد کاری کەم کراوە. بنەچەکی هەرکام لە ئێمە لە رابردووی دوور یا نزیکدا دە گەڕێتەوە بۆ سەر هۆزێک لە هۆزەکان و بە گشتی کۆمەڵگای کورد پێشینەی هۆزایەتی واتە هاو پەیوەندیی عەشیرەیی و خوێنی هەیە.

ناوچەی موکریان بە گشتی مورکی بڵباسەکانی بە سەرەوەیە کە یەکیەتی یا کۆنفدراسیۆنێکی پێک هاتوو لە چەند هۆزی سەربەخۆ بووە. بە گوێرەی شەرەفنامە، ئەو پێکهاتەیە بریتی بوون لە ١٠ تیرە و بەرە باب و لە سەردەمێکی نوێتردا لە مەنگوڕ و مامەش و پیران (هەروەها "دەلۆ"، "ورمزیار"، "سن" و " رەمک") پێک هاتووە.

دیارە ئەو پێکهاتەیە هۆزە سەرەکییەکانی بۆکان و دەوروبەری – واتە گەورک و دێبوکری و فەیزوڵڵابەگی ناگرێتەوە، بەڵام ئەندامانی هۆزەکانی نێو بڵباس تێکەڵاویی و کۆچ و هاتوچۆیان لەگەڵ ناوچەی بۆکانیش هەبووە و بۆ نموونە ئەندامی "ورمزیاری" یەکان لە بۆکان بوون و هەن، یاخود "سەکری" کە بە گوێرەی کتێبی جێ باسی ئەمجارە، یەک لە تیرەکانی بڵباسە، لە من گوندی حەساری لای بۆکان هەبوون و پاشان هاتنە بۆکان و ناسناوی خۆیان لە "سەکری" یەوە کردە "شوکری".

کتێبی "مێژوویی هۆزی بڵباس لە کۆنەوە تا ئەمرۆ" نووسینی کاک مەحموود ئەحمەد محەمەد، بەرگی یەکەم لێکۆڵینەوەیەکی باش و بە بەڵگەیە لەمەڕ بڵباسەکان، کە هیوادارم بەرگی دیکەشی بەدوادا بڵاو بکرێتەوە. کتێبەکە بە شێوازێکی ئوسووڵی تیرە و تایفەی بڵباسی ناساندوون و کەسایەتی ناوداری هەرکام، هەروەها گوند و ناوچەی ژیانی هەموویانی ناوبردە کردوە. بۆ نموونە دەڵێ "بەیتی کا نەبی" بۆ کا نەبی فەقی وەیسی" گوتراوە کە هۆزی "رەمەک" یا "راماک" یا "رامەک" یا "رێمێک"ی بڵباس بووە. *[من ئەو بەیتەم بە دەنگی نەمر "حەمە جان" گوێ لێ بووە کە باسی شەڕی مەراغە دەکات. حەمە جان خۆی خەڵکی سێوەدینی لای بۆکان بوو]* (لاپەڕە ٢١٠)

یا لە باسی هۆزی ورمزیار (یا "هوڵمزیار" یا "وڵمزیار") دا دەنووسێ کە لە دەور و بەری شاری سەقزیش ژیاون (لاپەڕە ٢١٥).

کتێبەکە - وەک بەشێک لە مێژووی بڵباس، باسی "موکری قڕان" ی مەراغە لە ساڵی ١١٩٨ کۆچی و ١٧٨٣ زایینی و هەروەها شۆڕشی شێخ عوبەیدیللا و هاتنی شێخ قادر بۆ ناوچەکە و هاوکاریی هۆزی مەنگوڕ و مەزنی هۆزەکە - هەمزاغا لەگەڵ شۆڕشەکە دەکات (ساڵی ١٩٨٠)

له کتێبەکەدا خوێنەر تووشی سەرسام دەبێت کە چۆن و بۆچی هۆزێک وەک بڵباس و ناوچەیەکی وەک موکریان بە درێژایی مێژووی چەند سەدەیی خۆی کەوتبێتە بەر هێرشی بێ وچانی نەک هەر داگیرکەری عەجەم و عوسمانی بەڵکوو دارەدستە کوردەکانیش:

- هێرشی خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان(٢ جار) (دوای ١٦١٢ و ١٦٣٥؟) لاپەڕە ٤٤.
- هێرشی عەباس خان زیاد ئۆغلوو و میر حسێن خانی لوڕ (پێش ١٦٩٨) : "قڕانێکی خستە کوردەکانی ئەو مەڵبەندانە کە تەتاریش دەسکیان کە دوو نەکردەوە"، لاپەڕە ٥٨.
- هێرشی حەسەن پاشا - والی بەغدا (١٧١٢)، لاپەڕە ٦٦.
- هێرشی ئەحمەد پاشا - والی بەغدا (١٧٣٧)، لاپەڕە ٦٩.
- هێرشی سوبحان وێردی خانی ئەردەڵان (١٧٤١)، لاپەڕە ٧٢.
- هێرشی خان ئەحمەد خانی کوڕی خوسرەو خانی ئەردەڵان (١٧٨٩)، لاپەڕە ٧٩.
- هێرشی عەلی والی پاشا - والی بەغدا (١٨٠٢)، لاپەڕە ٨٣.
- دامەزراندنی خێڵی قەرەپەپاغ لە دەشتی سندووس، کە بەدەست بڵباسەوە بوو لە لایەن قاجارەکانەوە (١٨١١)، لاپەڕە ٨٧.
- موکری قڕانی شا عەبباسی سەفەوی، هێرشی والی بەغدا (١٨٦٧) و هێرشی سوپای ئێرانی دوای تێک شکانی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا (١٨٨٠) و ...

کتێبەکە سەرچاوەیەکی بە متمانە و گرنگە بۆ مێژووی ناوچەکە بە بۆکانەوە، لەبەرئەوەی بۆکانیش لە مەڵبەندەکەدا بووە و هێرشی ئەردەڵانەکان و ئەوانیتریش بە رێگای بۆکاندا کراوە و ئاشکرایە بۆکانیش لە ئاگری ئەو شەڕ و هێرشکارییانەدا سووتاوە.

بۆ نووسینی مێژووی بۆکان لە دوارۆژدا، ئەم سەرچاوەیە گەلێک یارمەتیدەر دەبێت.

مەحموود ئەحمەد موحەمەد، "مێژووی هۆزی بڵباس لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ"، بەرگی یەکەم، چاپخانەی تاگە، سلێمانی، ١٩٨٩، ٢٥٦لاپەڕە، کوردی.